قسەیەکی تر

زیاد ڕەشاد قادر

# کام پێکەوەژیان؟

لەم ڕۆژانەدا و بە وردی دوای ڕووداوەکانی دەڤەری بادینان زۆر بە چڕی باس لە چەمکی پێکەوەژیان دەکرێت و کورت دەکرێتەوە لە پێکەوەژیانی ئایینی و ڕێزگرتن لە هەڵگرانی باوەڕی مەسیحی و ئێزیدی و کاکەیی.. کەچی زۆر بە زەقی ئەو ڕاستییە نادیدە دەگیرێت کە پێکەوەژیانی ئایینی بەبێ پێکەوەژیانی سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی.. نەک هەر پرۆسەیەکی ناکامڵ و نەخەملێوە، بەڵکو پتر دەبێتە هوتاف و دروشمی موزەیەف و ئەوەندەی وەک ماسک و پڕوپاگەندەی سیاسی دەبینرێت، هەرگیز هێندە وەک قەناعەت و بڕواپێبوون دەرناکەوێت.

کەس ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات کە شەڕی تایەفی و دووبەرەکی ئایینی لە کوردستان و هەر شوێنێکی دیکەی جیهاندا هەموو مانا جوانەکانی ژیان و ئاشتی و ئاسایش و لێبوردەیی دەکوژن، وەلێ باوەڕنەهێنان بە پێکەوەژیانی سیاسی لەپاڵ پێکەوەژیانی ئایینیدا، هەمان ئەو ماک و کارکرد و دەرهاویشتانەیان دەبێ کە لە دووبەرەکی ئایینیدا دروست دەبن. بە واتای دیکە هەر شەڕێکی سیاسی لە دەرەوەی ململانێ یاسایی و ڕێپێدراوەکان، زیانی کەمتر نییە و نابێ لەو ئاشوبەی لە دووبەرەکی ئایینی و تایەفیدا پەیدا دەبێ. هەر بۆ نموونە شەڕی نێوان یەکێتی و پارتی ئەگەرچی شەڕی ئایینی و تایەفی نەبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی سنوورە ئاسایی و یاساییەکانی بەزاند، بۆیە دوای تێپەڕبوونی زێتر لە سێزدە ساڵ بەسەر ڕێکەوتنی ئاشتیدا، هێشتا زۆرێک لە ئاسەوارەکانی ئەو شەڕە نەگرییسە هەر ماوە، کە دیارترینیان بە فیعلی یەکنەگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی حکومەتە.

ئەوە بۆ پێکەوەژیانی نەتەوەییش هەر ڕاستە، باشترین نموونەش وەک زۆرێک لە چاودێران بە بەردەوامی باسی دەکەن، کە سیاسەتی گشتی سەرکردایەتی کوردستان نەیتوانیوە ئەوە بۆ عەرەب و تورکمانی کەرکوک بسەلمێنێ کە ژیان و ئازادی و داهاتوویان لە هەرێمی کوردستاندا پارێزراوە، بۆیە هەموو دەم دژی ئەزموونی هەرێم دەوەستنەوە، بەکورتی کورد نەیتوانیوە لە کەرکوک پێکەوەژیانی نەتەوەیی سەقامگیر بکات.

جگە لە پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایینی و سیاسیدا، دەبێ سیاسەتی گشتی هەرێم و گوتاری سیاسی حیزبەکان بەو ئاراستەیەدا کار بکەن بەریەککەوتن و حەساسیەت لەنێوان ئەم شار و ئەو شار، یا ئەم ناوچە و ئەو ناوچە ڕوونەدات، بەڵام لە زۆر ڕووداودا و بەتایبەتی دوای ڕووداوەکانی (١٧)ی شوبات، دیمان هەوڵی تۆخکردنەوە و و زیادکردنی ئەم بەریەککەوتنە دەدرێت، ئەمە بێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە کە ڕێخۆشکردن بۆ وەها ململانێیەک هاوتای هەڵگیرسانی شەڕی تایەفی مەترسیدارە. لەبەرئەوە ئەوە ئەگەر بڕیار بێ بۆ ڕێگەنەدان بە دووبەرەکی و چەوساندنەوەی ئایینی لە کوردستاندا، تەنانەت شەڕیش بکەین، ئەوا دەبێ ئەم شەڕە بۆ سەقامگیری سیاسیش ئەنجام بدەین، چونکە بەرگریکردن لە مافی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان، چەندە ئەرکێکی پیرۆزە، بە هەمان شێوە ڕێگەنەدان بۆ ستەمکردن لە کەمینە سیاسییەکانیش، هەمان پیرۆزیی هەیە.

yahoo.com@Zirak١٩٧٤



# دووکەڵی سپی

نیگار حەمەد عەلی

* من ناسوتێم .. ناڕوخێم و ناهەژێم .. چرە دووکەڵی من وا ئاسمان روناک دەکا و ئەو بەردانەی وا تێم دەگرن رەگم بە ناخی زەویدا توندتر دەکا.. گوللەکانیش دەنگم زولاڵ و بەهێزتر و دیمەنیشم گەشتر دەکا.. چونکە پەڕەی قورئانم هەڵگرتووە و دەنگی قورئان وەکو دەریا شەپۆل دەدا.. نرکە و ناڵەی هەتیوانم وا لە دڵدا پاراستووە و ئاە و فرمێسکی دایکان و هەژارانم لە دەروونا تۆمارکردووە.. ئیتر چۆن بسوتێم..؟

* من دڵنیام گەورەتر بووم.. باڵاشم بەرزتر، وا ئەروانم لەم هەوارە بە رەنگی سوور سەوز و گوڵزار و بەهارە، هەرچواردەورم چراخانە و کەرنەفاڵی پەپولەکانە, چونکە روحە سپییەکان هێشتا ئەم ناوەیان تەنیوە و هەناسەی نزاکانیان ئێرەی داپۆشیوە.. ئاوی دەستنوێژەکانیش تارمایی و رەش.. بۆنی دووکەڵی ڕاماڵیوە..

درەختێکم وشک نابم.. چونکە بە عارەقەی خۆشی نەدیوانی وڵاتم ئاو دراوم و ئەوەندەش سێبەر بووم بۆ پشوویان.. ئیتر چۆن لەیادیان دەرچم..

* من هێمام.. من نیشانەم.. من یادگاریم.. بۆ جیهان و بۆ نیشتمانم.. بۆ ئازادی و ئازایی و کۆڵنەدانم.. بۆ سوربوونم لەسەر پەیام و چاکە و ئیسلامخوازیم.. بۆ داکۆکی لە ماف و ستەم و چەوسانەوە و ئازار و وێرانکاری دژی پێشێلکاریم.. ئاشنایی جوانی و خۆشی.. دادپەروەری و برایەتی.. هەڵگری پەیامی ئاشتیخوازیم.. سەرچاوەی ڕوونی پەروەردەی نەوەی ئەم خاکەم.. من هیوای گەورەی ئایندەم و بۆ بەدیهێنانی دەکۆشم ..

* من ئەو دەنگەم هاوار دەکەم .. بە ڕابردو و ئێستا و داهاتووم شانازی دەکەم.. من ئەو بارەگا ڕەش و سوتاوەم وەک پەیکەری ئازادی لە جیهاندا ناسرام و بووم بە مۆمیای دیموکراسی و بۆ مێژووش لاپەڕەیەکی پڕ سەروەریم..

من دوو جار شەهیدم .. بەرگی سپی دەپۆشم.. تا دوا هەناسەی تەمەن ناسرەوم و تێدەکۆشم تا ئەم هەرێمە بۆ هەموان بێ و هەموان بۆ ئەم هەرێمە بین.. چەند جاری تریش بسوتێم، هەر دەمێنم.. هەر دەمێنم.. چاکەخوازم.. دۆستی ڕاستیم.. لەگەڵ یاسا و ڕێسای کۆمەڵگەی کوردیم.. بە دەستێ ئاڵای کوردستان و بە دەستەکەی تر یەکگرتووی هەمووتانم..

# ئەی بادینان

خالید جاف

مەڵبەند و دەزگاکانی تۆ

ئەگەر نەمرود بیسوتێنێت ..

ئێمە بە نزای ئیبراهیم دەیکوژێنین !

ئەو پەیامەی کەوا پێتە

سووتان هەرگیز نایترسێنێت ..

شەوی یەڵدا نایتۆقێنێت ..

بۆ خابوری فرمێسکی تۆ، هەمووومان پردی دەلالین

ڕێی کاروانمان ناوەستێنێت..

ئێمە دەنگێکی زوڵاڵین

نەسیمی سەحەری دڵسۆزانت،ڕەحمەتێکن لە خوداوە

بەگوێی ئاهی مەڵبەند و دەزگاکانی تۆ،دەچرپێنێت ..

دووکەڵی تۆ وەک هەوری ڕەش،بۆ ستەمکار دەگیرسێنێت

نزیکە بارانی بەهار.. نزیکە رووگەشی هەژار..

جارێکی تر خۆی کا بە دەستی بەزەیی و

بەسەر نازداران بیهێنێت ..

## (( بەسووتاندن لەناو ناچین )) مادام خاوەنی ئەم دروشمەین

## {قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْداً وَسَلَاماً عَلَى إِبْرَاهِيمَ} الأنبياء٦٩



خالید جاف

وامەزانن بە سوتاندن، دەفەوتێین و ڕەش دەبین

لەناو دڵی گەلەکەمان وەکو چرا گەش دەبین

چاکساز و بوێر و مەردین، ئێمە دەنگی زۆلاڵین

لەپێناو هەموو خابورێك،ئێمە (پردی دەلال)ین

ئێمە کاروانی ڕێیەکین دروشمی بێگەرد و خاکین

ئێمە کەسی هەژارانین، بۆیە بێخەم و بێباکین

ئیتر بە هیچ لەناوناچین، نە بە زیندان نە بە سووتان

بارەگامان ئەوینێکە، خزایە ناو هەموو دڵان


یەکگرتوو

www.yakgrtu.org

ژمارە (٨٦٨)
دوو شەممە ٢٠١١/١٢/١٢ ز
ساڵی حەڤدەهەم

www.yakgrtu.org
Yakgrtu١٩٩٤@yahoo.com
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٣١٧٥٢ * ٠٦٦٢٥٦٢٤٤

ناونیشانی ڕۆژنامەی یەکگرتوو: هەولێر : گەڕەکی تەیراوە - بەرامبەر گەراجی باکوور تەنیشت مەڵبەندی - دووی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان